به 100 هەزار کامەرای چاودێری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق دەکرێت

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئاشکرای دەکات، بە 100 هەزار کامەرای چاودێری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق دەکەن.

داود سلێمان، بەڕێوەبەری ڕێککارەکان و ڕاهێنان لە کۆمیسیۆن ئاماژەی بەوەداوە، پرسەی دانانیکامێرا ڕێژەك پێش ئەنجامدانی پرسەی هەڵبژاردنەکان ئەنجام دەدرێت و هەر وەستگەیەك کامێرایەك وهەر ناوەندێکی دەنگدانیش دوو کامێرا دادەنرێت و دوو کارمەندیش سەرپەرشتی و چاودێری کامێراکاندەکەن.

سلێمان ڕاشیگەیاند، کامێراکان بە وزەی کارەبا کاردەکەن و پاتریيەکی بارگاوی هەیە کە توانای هەیە 16 کاتژمێر کاربکات و چاودێری پرسەی جیاکردنەوەی دەنگەکانی پێدەکرێت و ڕاستەوخۆ وێنەکان بێنووسینگەی نیشتمانی دەنێرێت.